## فیدرالیزم و کۆتکردنی کورد لەزیندانی یەکێتی خاکی عێراقدا

### شاخەوان شۆڕش

وەک ئاشکرایە ئێستا دەمەتەقێی ئامادەکردنی دەستورێکی نوێی عێراقی و مشتومڕ سەبارەت بەم بابەتە بەگەرمی لەژێر باسدایە. بەپێی ژمارە 3134ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە لەرۆژی یەکشەمەی 2003.8.3 دا بڵاوکراوەتەوە، وەزارەتی دادی عێراقی پرۆژەی دەستورێکی ئامادەکردووە و ڕەنگە تاکاتی نووسینی ئەم وتارە پێشکەش بەئەنجومەنی دیاریکراوی عێراقی کرابێت. کوردستانی نوێ پۆزەتیفانە سەیری پرۆژەکە دەکات و بەکورتی ئاماژە بەهەندێ لەخاڵە سەرەکیەکانی پرۆژەکە دەکات. ئەو خاڵەی جێگای سەرنجەو شایانی هەروەستە لەسەر کردنە ئەم خاڵەیە کەدەڵێ، ***"تەجریمکردنی هەر بیروڕایەکی ڕەگەزپەرستانە یان نەتەوەیی توندڕۆیی ئەوتۆ کەزیان بەیەکێتی وڵات و پێکهاتەی گەلی عێراق بگەیەنێت"***. لەڕاستیدا ئەم خاڵە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەنەتەوەی کوردەوە هەیەو بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی کەمینەی کورد لەعێراقدا کراوە، لێدانی زەنگی مەترسییە. بوونی ئەم خاڵە دروستکردنی کۆتێکی ئاسنینە بۆ ناسیۆنی کورد. بوونی خاڵێکی وا لەدەستوری ئاییندەی عێراقدا، واتای سەرکوتکردنی هەر هەوڵێکی ناسیۆنی کوردە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی، واتای سەرکوتکردنی هەر هەوڵێکی نەتەوەی کوردە بۆ ئازادی زیاتر، سەرکوتکردنی هەر هەوڵێکە بۆ بەهێزکردن و تەیارکردنی خەڵکی کوردستان بەبیر و بروا و کەلتورێکی ڕامیاری کوردانە. بەکورتی بوونی پەرەگرافێکی ئاوا، دەتوانێ ببێتە پێشگری بچوکترین هەوڵ بۆ ئازادی زیاتر. حکومەتی ئاییندەی عێراق دەتوانێ ئەم پەرەگرافەی دەستوور وەک کوتەکێک بۆ سەکوتکردنی ناسیۆنی کورد بەکاربێنێ و لەژێر ناوی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق ڕەوایەتیەکی یاساییانەش بداتە کارەکەی خۆی. ڕێک وەک ئەوەی داگیرکەرانی تورکیا و ئێران و سوریا بەرامبەر بەنەتەوەی ژێردەستی کورد دەیکەن.

لەلایەکی دیکە دانانی پەرەگرافێکی ئاوا لەلایەن وەزارەتی دادی عێراقیەوە دەرخستنی هەڵوێستی شۆڤینیانە و ڕەگەزپەرستانەی زۆر لە عەرەبە عێراقیەکانە بەرامبەر بەناسیۆنی کورد. دەرخستنی ئەم ڕاستیەیە کەوا ئەوان تا پێیان بکرێت ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردان نادەن، بۆیەش دەیانەوێ لەئێستاوە بەیاسا و لەچوارچێوەی دەستورەوە بنچینەیەک بۆ ئەم نیازە ڕەگەزپەرستانەیان دابڕێژن.

ئەرکی سەر شانی هەموو کوردستانیەکە کەوا بێدەنگی لەم خاڵە و پەرەگرافی لەم شێوەیە نەکەن، نابێ ئەم نیازە گڵاوانەی نەتەوەی زۆرینە و باڵادەستی عەرەب بەسەرماندا تێپەڕن.
ئاشکرایە مافی سروشتی و ڕەوای خەڵکی کوردستان سەربەخۆییە، هیچ هێزێک و دەسەڵاتێک لەژێر هەر نۆرم و یاسایەک دابێت، مافی ئەوەی نییە و بۆی نییە ئەم مافەی کورد زەوت بکات یا ببێتە ڕێگری گەیشتن بەم مافە.
لەڕوانگەیەکی کوردستانیانەوە پرۆژەی فیدرالیزم تەنها کاتێک دەکرێ پەسند بکرێت، گەر هاتوو یەکەم: دەستوری عێراقی فیدرالی بەڕوونی ئەوە دیارکات کە هاوبەشیکردنی ناسیۆنی کورد لەعێراقێکی فیدرالدا بەشداریەکی ئارەزوو مەندانەیە و دەتوانێ لەداهاتوودا جیابێتەوە گەر ئارەزوو بکات. دووەم: دیارکردنی ڕوون و بێ پێچوپەنای سنوری سروشتی و جوگرافی کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەیی (ئەم سنورەش چیای حەمرینە) لە دەستوری عێراقی فیدرالیدا. سێیەم: لە پەرەگرافێکی دەستوری عێراقی فیدرالدا بەڕوونی و ئاشکرایی ناسیۆنی کورد لەمافی چارەی خۆنووسینیدا ئازاد بکرێت. ئەمە گەرهاتوو ڕێگای ڕیفەراندۆم بەخەڵکی کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستادا نەدرا، ئەوا دەبێ ئەم پەرەگرافانە دابنرێن و بسەپێنرێن. دیارە گەر لەبارێکدا ڕێگا بە ڕیفەراندۆم نەدرا، ئەوا سەپاندنی ئەم پەرەگرافانە دەبنە پێویستیەکی بێ ئەملاو ئەولا، ئەگەرنا پەسندکردنی دەستور و مانەوە لەعێراقدا، پەسندکردنی ژێردەستەیی و چارەنووسێکی نادیارە.

بەکورتی ناسیۆنی کورد مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی لە ڕیفەراندۆمێکی ئازادانەدا دیار بکات و سەربەخۆیی هەڵبژێرێ و بەشداریش لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراقدا نەکات. بەڵام گەر ئەم مافە ڕەوایە لەبەر هەر هۆیەک بەنەتەوەی کورد ڕەوا نەبینرا، ئەوا دەستوری عێراقی فیدرالی تەنها کاتێک دەکرێ پەسند بکرێت، گەر بەڕوونی و ئاشکرایی و بێ پێچوپەنا سنووری سروشتی و نەتەوەیی کوردستان دیار بکات و ڕێگری جیابوونەوە و سەربەخۆیی باشووری کوردستان نەبێت.

2003.8.16

دانیمارک